# ناپاكیی كچێكی زانكۆ

شاخەوان عەلی حەمەد

بەشی یەكەم

بەخۆم و جانتایەكی پڕلە كاغەزو چەند قەڵەم و كامیرەیەكی فۆتۆوە بەرەو ئەو كۆلیژە ڕۆیشتم كە بڕیاربوو سەردانی بكەم.. پێش ئەوەی پێ بنێمە ناوی، لە پرسگەی تەك دەرگای سەرەكی كاتێ گەیشتمە ڕاست ئەو فەرمانبەرەی لە بەردەمیدا مێزو تەلەفۆنێك و لە تەنیشتیدا چەند شانەیەكی داری جێ جێی شانەهەنگ ئاسای تایبەت بە دانانی ناسنامەی ئەو كەسانەی بۆ سەردانی دەهاتنە ئەوێ، بە شێنەیی سەلامم كرد: ئەم كاتەت باش

فەرمانبەرەكە بە ڕوویەكی گەش‌وكراوە: سەرچاوان یاخوا بەخێربێی .. فەرموو برا، دەستم نایە باخەڵم و ناسنامەی ڕۆژنامەگەری خۆمم بۆ دەركردو بۆیم ڕاگرت: فەرموو، قوربان من ڕۆژنامەنووسم و لە پرسی خوێندكاران دەرهەق بە هەندێ لە گرفتەكانیان و گرفتی خوێندن لە زانكۆ، هاتووم گەر ڕێ بدەن ڕیپۆرتاژێك ئامادە دەكەم.

فەرمانبەرەكە دەستی ڕاستی بۆ یەك لە كورسیە بەتاڵەكانی تەنیشتی درێژ كرد: فەرموو لێرە دانیشە با تەلەفۆنێك بكەم،

بەلەشی شل و شۆقەوە دانیشتم.. لە چاوەڕوانی مامەوە چاوم بڕیە بابای فەرمانبەر بزانم چی دەكات، وەكو لێی وردبوومەوەو لێمروانی دەستی بۆ تەلەفۆنەكەی بەردەمی برد و چەند نمرەیەكی لێداو هاندەكەی هەڵگرت، نای بە گوێیەوەو كەوتە دەم جوڵاندن، وەلێ چونكە زۆر بەبێ دەنگیو بێ چرپە دەدوا تاوەكو تەلەفۆنەكەشی داخستەوە نەمزانی چی وت و چی نەوت ئەوەندە نەبێت كە تەماشای منی كرد دەستی بۆ چوونە ژوورەوەی من ڕاكێشا: فەرموو، لەسەرخۆ هەڵساو بە هەنگاوێكی هێمن و لەسەرخۆ چوومە گۆڕەپانی نێو كۆلێژ و لەو قووتابیانە ڕامام كەلە دەرەو بوون .. ئەفسوس وەك لە هەسارەیەكی دیكەوە هاتبمە سەر ئەم هەسارەیەو لە حاڵەتێكی پڕترس و بیم بژین، كەسم بەدی نەكرد پێبكەنێ، ئەوەی ببووە مایەی تاسانی من ئەو دەستە كچەیە بوون كەلە سەر كورسیەكی درێژ دانیشتبوون و بە چاوی ئەبڵەق و خەم و پەژارەوە فرمێسك لە بینایان دەبینرا، خۆم لێ بوراندن .. ئەو چوار پێنج قووتابیە كورەی نزیكیانەوە منیان خستە خانەی بەدگومانی كاتێك بە هێواشی بەبەردەمیان تێپەڕیم و گوێم هەڵخست بۆ گفتوگۆكەیان، یەكێكیان وتی : بەڕاستی كۆچی ناوادەی نەوزاد دڵتەنگی كردین، خەمێكی گەورەبوو. ئەوی تر لە نۆژەندا هەڵی دایێ : زۆر سەیرە ئەو سەرهەڵگرتنە كت و پڕەی نەوزاد مایەی پرسیارە لە ساتێكدا ئەمساڵ دوا قۆناغی خوێندنی كۆلیژ بوو. ئەویتر ئاهێكی قوڵی هەڵكێشاو بە خەمناكییەوە وتی: كورینە ئێوە دەزانن كە ناوی دەریاچەی ئیجە دێ من هەترەشم دەچێ و بە خەیاڵ كە دیمەنی ئەو ماسیە قرشانەم دێتە پێش چاو كە پەلاماری مرۆڤ دەدەن و دەیانكەنە پاروویەكی چەور .

بە گوێبیست بوونی ئەم قسانە هەناسەیەكی قووڵم هەڵكێشاو هێندە پەرۆشی ناوئاخنی ئەو ڕووداوە بووم نیوهێندە ئاگام لە بابەتی ئەو هاتنە نەماو ناچاریش بووم بە پەلە پروزێ ڕیپۆرتاژی ئەو هاتنە تەواو بكەم، بۆیە بە دڵساردیەوە چەند گەنجێكم بۆ قسەكردن لەمەڕ گرفتی قووتابی و خوێندن و زانكۆ هێنایە دووان و لە یەكێك لە كچەكان دوا پرسیاری بابەت، بەدەر لەو قسانە پرسیم: ئەمڕۆ باس لە خنكانی نەوزاد ناوێك دەكرێ لە دەریاچەی ئیجە، بەرای تۆ ئەو مەسەلەیە لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟

كچەكە بە ئحم ئحمی چاوێكی خێرای بەو دەوروبەرە گێڕاو بەسەر زمانی هەردوو لێوی وشك بووی تەڕكردو وتی: چوار ساڵی ڕەبەق كچێكی هاوقۆناغی خۆی خۆشدەویست ئەفسووس كچەكە خیانەتی لێكرد، لەوە زیاتر داوای لێبوردنم هەیە. ئەمەش بەو مانایە بوو لەوە زیاتر قسەت بۆ ناكەم، بۆیە هیچ قسەیەكی ترم ئاراستەی نەكردو لێیان جیابوومەوە .. ئەم سەرەداوە پتر پاڵی پێوەنام ئەو مەتەڵە بوو بەدواداچوونی بۆ بكەم پێش ئەوەی كۆلیژ جێ بێڵم و بگەڕێمەوە ئەو دەزگایەی كارم تێیدا دەكرد هەمدیسان بە تاسەوە تەماشایەكی دیكەی ئەو خەڵكەم كردەوە، بەدەگمەن كەست نەدەدیت بزەی بێتە سەر لێو، كۆلیژ لە كەش‌وهەوایەكی ئەوتۆدا بەڕێوەدەچوو، هەموو ئاماژەكان باری پەشێویی‌و نائارمیان جاردەدا.

دوای هەفتەیەكی ڕەبەق ئەوجا دەرفەتم بۆ ڕەخسا، بەیانیەكی زوو دوای بەرچایی، خۆم گۆڕی، وەك پیشەیەكی هەمیشەیی جانتا پڕلە كاغەز و چەند قەڵەم و كامیرە فۆتۆیەكەم نایە شان و پێش ئەوەی بەرەو دەزگا ڕۆژنامە نووسییەكەم بچم، تەكسیەكم لەبەر دەرگای ماڵەوە بە كرێ گرت و بە پێی ئەو ناونیشانەی كە لەیەكێك لە كچەكانی نێو كۆلیژم



وەرگرت، ڕێك بەو ئەدرێسە چوومە بەر قاپی حەوشەی ماڵی باوکی نەوزاد، کە ناوی مام مارف بوو، چونکە ئەو لافیتە ڕەشەی پێش قاپی حەوشە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو بەس بوو تا یەکسەر بچمە ژوورەوە.

جارێکی دی لافیتەکەم خوێندەوە: بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە (نەوزاد مارف) لە کارەساتێکی جەرگبڕدا کۆچی دوایی کرد. إنا للە وإنا الیە راجعون

تەزوویەکم بەلەشدا گەڕا لە موستی پێم دەرچوو .. کەلە تەکسەیەکە دابەزیم منداڵێکی پارچەڵە لە پێش دەرگاکە وەستابوو نیگای دابومێ بە بزەیەکی دەستکردەوە وتم : کچی جوان ئەوە ماڵی مام مارفە

+ بەڵێ
- ئەی خۆی لە ماڵەوەیە ؟
+ بەڵێ .

بەچەند شاقاوێك پێم نایە حەوشە، ئەو کچ و ژنانەی لە حەوشەکە خەریکی ئامادەکردنی چێشتی نیوەڕۆ بوون. دەستێکم ڕاوەشاند : سەلام و عەلەیکوم.

هەمووان بەیەك دەنگ : وەڵامیان دامەوە

پێڵاوەکانم داکەند و بۆ سەرەوە هەڵکشام، بەهێمنیەوە بەرەو هۆڵی دانیشتن چووین .. کە چوومە ژورەوە مام مەولود لە سوچێکەوە لە سەر تەنیشت ڕاکشابوو بە بینینی من لە جێوە ڕاست بۆوە.

ـ ( فەرموو کەسی کاکی )
- سەلام و عەلەیکوم
- وەعەلەیکو مەسەلام
- مام مەولودی چاویلکە لە چاو پێستێکی تەنك و چرچ و سپی هەبوو، ڕدێنی وەك لۆکە سپی و پێڵوی ژێرەوەی چاوی کیسیان پەیدا کردبوو لەبەر کزبینی چاویلکەی بەستابوو، پشت چەماوە، کورتەك وشەرواڵێکی مەرەزی لەبەربوو برژانگە ڕەش و سپییە پڕەکانی لەژێر تیشکی گلۆپە سەدیەکە دەبریسکاوە ڕووناکیەکەی تیشکی زیوینی خستبووە سەر ڕوخسارە چرچ و لۆچەکەی، بە ئەسپایی چوومە تەك مام مەولودو لەسەر دۆشەکەکە دانیشتم و فاتیحایەکم هەدیە کرد .. کە لێبومەوە هەردوو ناولەپی دەستم بە دەمووچاومەوە داهێناو وتم ( خوا عەفوی کردووە ئینشائەڵڵا )

مام مەولود وەکو ئێستا تەنیایی میوانی بێ بەدەستە لەرزۆکەکەی ڕاستی دەستی هەڵبڕی: بەخێربێی، بەخێراتی سەرچاوان

بەئەدەبەوە : چاوت خۆشبی، سەلامەت بی

تاوێ بێدەنگی باڵی بەسەردا کێشاین ئەو وەك لەمە زیاتر وەزەی تێدا نەمابێ دری بەو بێدەنگیەداو بانگی یەك لە کوڕە بچوکەکانی کرد نەختێ ئاو بێنێ.

ئەوەندەی نەخایاند کوڕەکەی لەسەر سینیەکدا دوو گلاس ئاوی هێناو بۆمانی ڕاگرت هەریەکەمان لە جێوە دەستمان دایە گلاسێك و بە چەند فڕێك هەڵمان قوڕاندو لە جێوەمان دانا.

+یاخوا بەخێربێی.
- خوا عەفومان کات یارەبی

زۆری نەخایاند سەرو چایان لەبەردەم دانایین و بەدەم تێکدانی چایەکەوە ڕووی پرسیارم کردە مام مەولود: مامە گیان ئەو ڕووداوەی نەوزادی ڕەحمەتی لە چیەو دروست بوو .

مام مەولود سەرەتا بەم قسەیەی من وەك لە پەلوپۆکەوتبێ و تووشی ئیفلیج بوون هاتبێ بە خاو خلیچکێکەوە جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی تەنیشت ڕانی دەرهێناو دانەیەکی بۆ ڕاگرتم ،فەرموو بابەکەم

بە بزەیەکی گەشەوە:دەستەکانت ماچ دەکەم مامە، من جگەرە ناکێشم تا جگەرەکەیشی ئاگردا هیچی نەوت، کاتێك چەند مژێکی یەك لەسەر یەکی لێداو جگەرەکەی لە ڕۆخی تەپلەکە دانا، هەمان پرسیارم لێ دووبارە کردەوە:مامە گیان ئەو ڕووداوەی نەوزادی ڕەحمەتی لە چیەوە دروست بوو؟

وەك هیچ شتێ لە بەردەمی نەمابێتەوە هانای بۆ بەرێ ، بە ناچاری وەك شتێکی لە ناو دەمی ببێ و بیجوێ دەمی واجولاندو زمانی هێنایە گۆ نەوزادی کوڕم زۆر بە حەیاو ئەدەب بوو، ڕێکوپێك ئەوەی نە ئەم و نە ئێمەش بە خەیاڵمان داهاتبێ ورێنەی چوونە دەرەوە بووە، کەچی کت وپڕ، بێ پرس وڕا، بێ ئاگاداری کەسمان ڕوویداو کچە خراپ ناچاری کرد بە پێی خۆی بچێتە پێشوازی مەرگ و قوریشی بۆ ئێمە گرتەوە.

نەمهێشت قسەکەی تەواو کات، قسەیەکم لە دەم قۆستەوە : مامە مەبەست لە کچی خراپ چی یە؟

مام مەولود بە هەڵپەیەکەوە وتی: مەبەستم چی بێ کوڕەکەم کچە تیمێکی سەر بەرشکی کۆلیژی خۆشدەویست لەگەڵ مێردکردنی کچە بە گەنجێکی خاریج، وەکو شێت و شبری لێهاتبوو دونیای لەبەرچاو تاریك داهات کار بەوە گەیشت بێ پرس وڕا سەری هەڵبگرێ و سەرەنجام لە دەریاچەی ئیجە خنکا .